# تفەنگ بە تاریکە شەووە مەنێن!

ڕۆژی ٦-٤-٢٠٠٥ لە ماڵپەڕی "کوردستان نێت"دا، کەسێکی نەناسراو بەناوی (باوەڕ پیرۆززادە)ەوە بابەتێکی ناهەقی لەژێر ناونیشانی " (هەڵکەوت)ی هەڵکەوتەی هەڵپەرستی.!دا بڵاوکردۆتەوە. سەرقاڵیم لە چەند هەفتەی پێشووداو ئاوەڕنەدانەوەم لە سایتەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساندم زوو وەڵامیبدەمەوە، چونکە من دوێنێ و بەڕێکەوت لەسەر زاری هاوڕێیەکمەوە بیستم، بەڵام وا ئێستا نەك بۆ بەرگری لەخۆکردن، بەڵکو سنووردانان بۆ ئەو کەسانەی تفەنگ بە تاریکە شەووە دەنێن، بەپێویستم زانی ئەم چەند تێبینییە بخەمەڕوو:

١/یەکێك لە نەریتەکانی بیروڕادەربڕینی ئازاد ئەوەیە مرۆۋ بوێرانەو بێ سڵکردنەوە بەناوی کەسێتی خۆیەوە بدوێت‌و پەنا بۆ ناوی نهێنی نەبات، چونکە هەڵبژاردنی ناوی نهێنی لەلایەکەوە مانای نەبوونی بڕوا بەخۆبوونەو لەلایەکی دیکەوە ترسنۆکییەو لەلای سێیەمیشەوە خۆقوتارکردنە لە سزای شکاتکردنی تۆمەتبارکراو بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان.

٢/سەبارەت بە بابەتی گەندەڵی یەکەمین جارنییە من بایەخی پێدەدەم‌و ساڵ‌و نیوێك لەمەوبەر نامیلکەیەکم لە ژێر ناوی "دیاردەی گەندەڵی"دا لە زنجیرەی کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەمدا بڵاوکردۆتە. ئەو کاتە من یاریدەدەری بەڕێز د.بەرهەم ساڵح بووم بۆ کاروباری ڕووناکبیری‌و ڕاگەیاندن‌و لەناو خودی حکومەتەوە دەنگم خستە پاڵ دەنگی ئەوانەی دژی گەندەڵی بەرزببوونەوە. ئەو کاتە چەند کەسێکی داخ لەدڵ هەمان ئەو قسانەی کاك "باوەڕ پیرۆززادە"یان کردو هەڵمەتی وەرگرتنی چەند موچەییان کردە سەرم، بەڵام بێهودە بوو.

٣/دەمەوێت ئەو ڕاستییە بخەمە ڕوو کە من بۆ ماوەی دوو ساڵێك کە یاریدەری سەرۆکی حکومەت بووم‌و دوای ڕۆیشتنی بەڕێز دز بەرهەم بۆ بەغدا من‌و کاك ستران عەبدوڵڵا بەئوسوڵی‌و یاسایی خانەنشینکراین. ئەمەش مانای ئەوەیە چیتر بۆم نییە موچە لە حکومەتدا وەربگرم، لەو کاتەدا نەبێت کە کۆتایی بەخانەنشینیەکەم بهێنم‌و ببمەوە بە فەرمانبەر. بۆ ڕاستی ئەم مەسەلەیە ئیدارەی ناوچەی سلێمانی هەیەو هەرکەسێك بیەوێت دەتوانێت لە حکومەتی ئیدارەی سلێمانی زانیاری تر بەدەستبهێنێت. بەدەر لە بواری حکومەت، مرۆۋ بەپێی توانا‌و لێهاتوویی خۆی دەتوانێت لە چەندین شوێنی ناحکومی‌و ئەهلی کاربکات‌و هیچ یاسایەك نییە ڕێگری ئەوە بێت‌و هیچ پەیوەندییەکی بەگەندەڵییەوە نییە.

٤/من لە بواری کاری ئەهلیدا وەك بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (سەردەم) کاردەکەم‌و بەپێی ڕێنماییەکانی دەزگا‌و وەك هەر بەڕێوەبەرێکی نووسینی دیکە موچە وەردەگرم. کاتی خۆی یەکێك بووم لە دەستەی دامەزرێنەری دەزگای خەندان کە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) دەردەکات‌و وەك ئەندامی ئەنجومەن‌و سەرپەرشتیاری هونەریی ڕۆژنامەکە تاکو ژمارە (١٥) کارمکردوەو موچەی ئەو دەزگا ئەهلیەشم وەرگرتوە، بەڵام لەبەر سەرقاڵیم بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم‌و چاکسازیی هاتوچۆوە ناچاربووم واز لەو کارە بهێنم، بەڵام بەخۆبەخش بەردەوامبووم لەسەر ڕاوێژدان بە نەخشەسازی (ئاسۆ)‌و کاك ستران عەبدوڵڵا وەك ڕێزلێنان‌و ئەو وردە هاوکارییە ناوی منی وەك سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکە پاراستوەو دەربارەی خۆبەخشکارکردنم‌و ئەو ڕاستییە هەرکەسێك مەبەستی بێت، دەتوانێت پەیوەندی بە دەزگای خەندانەوە بکات.

٥/دەمەوێت سەرنجی کاك "باوەڕ"و هەموو "باوەڕەکانی تریش" ڕابکێشم کە من لە کاتی گەڕانەوەم بۆ کوردستان بەر لە سێ ساڵ خۆبەخش چەندین کارو یارمەتیم پێشکەش بە هەندێك دامەزراوو دامودەزگا کردوەو گوێم بە موچەو پارە نەداوە. لێرەدا هێما بۆ هەندێکیان دەکەم وەك ڕاستی نەك بۆ خۆهەڵکێشان: نزیکەی دوو ساڵە، لەو کاتەوە کە کاك فەرەیدون عەبدولقادر وەزیری ناوخۆ بوە تاکو ئیمڕۆ، خۆبەخش هاوکاری وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی هەرێم بووم. ساڵی پار زیاتر لە ٣٠ موحازەرەی خۆبەخشم لە بواری نەخشەسازیدا بە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی کۆلیژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی وتۆتەوە، زیاتر لە ساڵێك

سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی (ڕێوان)ی ژنان بووم. چەندین وۆرکشۆپم بۆ لاوان و ژنان و ڕێکخراوی جۆربەجۆر کردوە. ئەو لایەنانەش ماون و هەرکەسێك بیەوێت، دەکارێت پەیوەندیان پێوە بکات.

٦/لە هەرێمی کوردستان چەندین بواری بەدەستخستنی پارە هەن کە لە ڕووی یاساییەوە بڕیاریان لەسەر دراوەو زۆرێك لە کوردەکانی دوورەولاتیش سوودمەندن لێی، وەك خانەنشینکردنی پێشمەرگەی دێرین و وەرگرتنی زەوی لەلایەن پێشمەرگەی دێرینەوەو پاداشتکردنی مانگانەی نووسەران و هونەرمەندان. من هەتاکو ئێستا پەنام بۆ هیچ یەکێك لەوانەش نەبردوەو پێویستم بەوە نەبووە ئەو دەرفەتانە بەکاربهێنم.

٧/سەبارەت بە سەفەرەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمیش، ئەوەی ئامادەی کۆنفرانسی دووەمی بزووتنەوەکە بووبێت لە ڕۆژی ٨-٩/٤/٢٠٠٥دا، ئاگاداری ئەوەیە سەبارەت بەو یارمەتیەی وەرمگرتوە چیم دەربڕیوەو ئەندامانی کۆنفرانس کە لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان و دەرەوەی ولات هاتبوون دەزانن ئەو مەسەلەیە چۆنەو وەڵامی هەموو ئەو دەنگە نامۆیانە دراوە کە بەر لە کۆنفرانس و کاتی سەفەرەکەی دەرەوەی ولات تۆمەتیان دەدایە پاڵم. بۆ دەرخستنی ڕاستیش بۆ ئەو مەسەلەیە دەمەێت هێما بۆ ئەم چەند خاڵە بکەم:

-گەشتی یەکەمم بۆ دەرەوەی ولات مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤ بڕی ١٥٠٠ دۆلارم وەرگرتوە بۆ بلیت و مەسرەفی ڕۆژانەی زیاتر لە دوو هەفتە.

-گەشتی دووەمم کە بۆ ئەم ولاتانە بوە (دانمارك، ئەمریکا، بەریتانیا، سویسرا، بەلجیکا، سوید)و دوو مانگی پێچوە(کۆتایی مانگی١١ی ٢٠٠٤ تاکو ناوەڕاستی مانگی ٢ی ٢٠٠٥ (حەوت هەزار دۆلارم وەرگرتوە).

-لەسەرەتای بزووتنەوەی ڕیفراندۆمەوە (٢٠٠٣/٧/١٤) هەتاکو ئیمڕۆ، لەبەر ئەوەی ئەندامی لیژنەی هاماهەنگی بووم و هەفتانە سەفەری هەلێر و شارەکانی دیکەم کردوە، خۆبەخش کارمکردوەو یەك فلسم لە بزووتنەوەکە وەرنەگرتوەو هیچ وەسڵێك بەناوی منەوە لەناو بەشی دارایی بزووتنەوەکەدا نییە.

کەواتە من ئەو بڕە پارەیەم وەرگرتوە، نەك سەفتە دۆلار. پارەم بۆ سەفەری ڕیفراندۆم وەرگرتوە نەك مەبەستی تایبەتی، کەواتە ئەمە چ پەیوەندییەکی بە گەندەڵییەوە هەیە؟ تۆ ئەندامی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم نیت، بۆیە ڕەهاخوازانە ناتوانیت باسی حساباتی سەفەرەکەم بکەیت.

٨/سەبارەت بە گۆشەکانم "لەپەراوێزی چاکسازیدا"، بێگومان چەندین بەرهەم و سەرچاوەم خوێندۆتەوەو سودم لێوەرگرتون، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکانم گۆشەن نەك توێژینەوەی زانستی، بۆیە ناکرێت هێمایان بۆ بکرێت، بەڵام کاتی چاپکردن لە نامیلکەیەك و لەداهاتوویەکی نزیکدا ناونووسی هەموو سەرچاوەکان دەکەم و کاك "باوەڕ"یش دەتوانێت بۆیان بگەڕێتەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێم: مەبەستی کاك "باوەڕ" چییە لە ناوزڕاندنی من؟ تۆبڵێی گرفتێکی تاکەکەسیی لەگەڵمدا هەبێت و نەیزانم یاخود زەرەرمەندبێت لە بابەتەکانم؟ تۆ بڵێی ئیرەیی بەوە بکات کەسێکم چالاکانە خزمەتی ولاتەکەم دەکەم و ژیانی خۆم بۆ کاری لاوەکی بەفیڕۆنادەم؟ ئینجا دەپرسم: بۆچی کاك "باوەڕ" پشتگیریی گۆشەکانمی نەکردو شەڕی دژی گەندەڵی ئاراستەی گەندەڵە ڕاستەقینەکان نەکرد، بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە؟!

دوایش ڕەخنەی خۆم ئاراستەی ماڵپەڕی "کوردستان نێت" دەکەم، بۆچی لەژێر دروشم و دەمامکی ڕۆژنامەگەریی ئازاددا چەندین جارەو بێ گەڕانەوە بۆ پرسیارکردن و لێپێچینەوە (وەك پرنسیپێکی ڕۆژنامەگەریی جیهانی) بۆتە سەکۆی ناوزڕاندنی خەڵکانی وەك من و وروژاندنی بابەتی بێ بناغە؟ ئایا کاك عومەر فارس دامودەزگاکانی کوردستان ناناسێت و نەیدەتوانی بەر لە بلاوکردنەوەی ئەو بابەتە دڵنیابوایە لە زانیارییەکان، ئینجا بلاویکردایەتەوە؟ یان ئەویش مەبەستی تایبەتی هەیەو دەیەوێت وەك ڕۆژنامە وروژێنەرە بکوژەکانی (دایانا) ڕەفتار لەگەڵ ڕۆژنامەگەریدا بکات؟!

هەڵکەوت عەبدوڵڵا

سلێمانی ٢٠٠٥/٤/٢٦

کاتژمێری ١١ی سەرلەبەیانی بەکاتی کوردستان